سەرۆکی هەرێم پێشوازی لە لەگەڵ ڕانەوەی وەزیری پێشمەرگە دەکات بە ئەرکەکەی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەگەڵ ڕانەوەی وەزیری کاروباری پێشمەرگە بە سەر کار و ئەرکەکەی لە وەزارەت دەکات. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامکدا ڕاگەیاند" پێشوازی لە گەڵانەوەی بەڕێز شێش ئیسماعیل، وەزیری کاروباری پێشمەرگە بە سەر کار و ئەرکەکەی لە وەزارەت دەکەین. هەنگاوێکی دروست و گرنگە و یارمەتیدەر دەبێت بە بەڕێوەچوونی باشتری پرسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە، هیوای سەرکەوتنی بە دەخوازین و هەموو پشتگیرییەکی لێدەکەین. هەروەها لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاندووە" دەخی هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییەکان لە عێراق و ناوچەکە بەگشتی وا دەخوازێت لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، تەبایی و یەکگرتنی نێوانیان پتەوتر بکەن و بگەنە لێکگەیشتنی هاوبەش بە نەهێشتنی ناکۆکییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان. لەم پێناوەدا ئێمە لە سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدا دەبین.